پەیامی سەرخۆشیی مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی یەموکراتی کوردستان بە کۆچی دوایی میری کوێت

پەیامی سەرخۆشیی مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی یەموکراتی کوردستان بە کۆچی دوایی میری کوێت، "بە داخەکی زەرەوە هەواڵی کۆچی دوایی میری دەوڵەتی کوێت خوالێخۆشبوو (شێخ نەواف ئەل ئەحمەد ئەلجابر ئەلسەباح)ـمان پێگەیشت، لەخوای گەورە دەپاڕێینەوە گیانی بە بەهەشتی بەرین شاد بکات و هاوخەمی و هاوسۆزی قووماان بە بنەماڵەی بەڕێزی ئال سەباح و گەل و سەرکردایەتیی دەوڵەتی کوێت ڕادەگەیەنین",

خوالێخۆشبوو شێخ نەواف ئەل ئەحمەد کاروانێکی پڕ لە دەستکەوت و بەخشینی بە گەلەکەی گەیاندە مەنزلگە و کۆچی دوایی کرد، ئەمە هاوبەشی خەمی برایانمان لە دەوڵەتی کوێتین و داوا لە خوای گەورە دەکەین کە سەبووری بە خێزانی بەڕێزی ئال سەباح و گەلی کوێتی برا ببەخشێت و ئاسایش و سەقامگیریی بە دەوڵەتی کوێت و گەلەکەی بەردەوام بکات.

ئەمەش لەکاتێکدا، نیوەڕۆی ئەمڕۆ شەممە (16ـی کانونی یەکەمی 2023)، میری وڵاتی کوێت، شێخ نەواف سەباح ئەل ئەحمەد بەهۆی تێکچوونی باری تەندروستی گیانی لەدەستدا.